# چۆنیەتی کۆکردنەوەی نموونەی میز بە بەکارهێنانی پادەکان یان کیسەکانی کۆکردنەوە

### بۆ ساوا و منداڵانی تەمەن بچووک


## کیسەکانی کۆکردنەوەی میز

**1**




دەستەکانت
بە ئاو و سابوون
بشۆ پێش و دوای
کۆکردنەوەی
نموونەکە.

**2**




ناوچەی ئەندامی
زاوزێی منداڵەکە
پاک بکەرەوە و
وشکی بکەرەوە.

**3**




کیسەکە بە توندی بە
پێستی دەوروبەری
ئەندامی زاوزێ
(Genitals) بلکێنە،
پاشان حەفازەی لەبەر
بکە.

**4**



کاتێک منداڵەکە میزی تەواو کرد،
دەستەکانت بشۆ، بە هێواشی کیسەکە لێ
بکەرەوە، گۆشەیەکی ببڕە و میزەکە بکە
ناو دەفرە ستێریلەکە. مەهێڵە کیسەکە بەر
ناوەوەی
دەفرەکە بکەوێت.

**5**




سەرەقاپەکە بخەرە
سەر دەفرەکە
دەستبەجێ و
بە توندی ببەستە.

---


## پادەکانی کۆکردنەوەی میز (Urine collection pads)

**1**



دەستەکانت پاک بکەرەوە
پێش کۆکردنەوە و
دوای کۆکردنەوەی
نموونەکە.

**2**




پادەکە بخەرە ناو
حەفازەکە و وا بکە منداڵەکە وەک
هەمیشە لەبەری بکات. هەر 10
خولەک جارێک سەیری پادەکە بکە
بۆ ئەوەی بزانیت تەڕ بووە یان نا.
پادەکە بۆ ماوەی زیاتر لە 30 خولەک
مەهێڵەرەوە، چونکە ئەمە مەترسی
چوونە ناوەوەی میکرۆب بۆ ناو
نموونەکە زیاد دەکات.

**3**



پرۆسەکە دووبارە دەست پێ بکەرەوە بە
پادێکی نوێ هەر 30 خولەک جارێک، یان
ئەگەر منداڵەکە پیسایی کرد، تا ئەو کاتەی
منداڵەکە میز دەکاتە سەر یەکێکیان.

**4**



پێش لابردنی پادەکە (Pad)، دەستەکانت بشۆ. ئەو سرنجەی کە
دابینکراوە بەکاربهێنە بۆ ڕاکێشانی میزەکە لە پادەکەوە و
گواستنەوەی بۆ ناو دەفرە تەعقیم کراوەکە (Sterile
container). سرنجەکە بەر ناوەوەی دەفرەکە نەکەوێت.

**5**



سەرەقاپەکە بخەرە سەر
دەفرەکە دەستبەجێ و بە
توندی ببەستە.

**6**



لۆکە بەکار مەهێنە
یان خوری و لەفاف یان هەر
پادێکی تر بەکارمەهێنە، چونکە
دەکرێت کاریگەرییان لەسەر
ئەنجامی پشکنینەکە هەبێت.

## خاڵە گشتییەکان

- **پێش کۆکردنەوەی نموونەکە، ئەندامی زاوزێی منداڵەکە پاک بکەرەوە و وشکی بکەرەوە.**
- **هەمیشە دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆ پێش کۆکردنەوە و دوای کۆکردنەوەی نموونەی میز.**
- **دەفرە تەعقیم کراوەکە مەکەوە** تا ئەو کاتەی ئامادە دەبیت بۆ کۆکردنەوەی نموونەکە.
- **تەنها ئەو کاتە پادەکان یان کیسەکان بەکاربهێنە** کە دابینکەری چاودێری تەندروستی (Healthcare provider) پێی داویت و بۆی ڕوون کردوویتەوە چۆن بەکاریان بهێنیت. پابەندی هەر ڕێنماییەک بە کە پێت دەدەن.
- **دوور بکەوە لە دەستدان لە ناوەوەی دەفرەکە،** و مەهێڵە ئەندامی زاوزێی منداڵەکە بەر هیچ بەشێکی بکەوێت.
- **ئەگەر کارمەندی تەندروستی داوای لێ کردوویت،** پێش کۆکردنەوەی نموونەکە زانیارییەکان لەسەر لێبڵ (لەزگە)ی دەفرەکە بنووسە.

## پوختەی زانیاری

### بۆچی پێویستە بە وردی پابەندی ڕێنماییەکان بم کاتێک ئامێرەکان بەکاردەهێنم بۆ کۆکردنەوەی نموونەی میز؟

جێبەجێکردنی هەنگاوەکان بە دروستی یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە چوونە ناوەوەی میکرۆب بۆ ناو نموونەکە، ئەمەش وا دەکات ئەنجامەکان جێگەی متمانەتر بن.

### ئایا دەتوانم دەفر یان شوشەیەک لە ماڵەوە بەکاربهێنم؟

پێویستە ئەو دەفرە بەکاربهێنیت کە کارمەندی تەندروستی پێی داویت بۆ کۆکردنەوەی نموونەکە.

### ئایا گرنگە کەی نموونەکە کۆبکەمەوە؟

هەوڵبدە نموونەکە لە نزیکترین کاتی چاوپێکەتنەکەت کۆبکەیتەوە بۆ ئەوەی باشترین جۆری نموونەت دەستبکەوێت.

## ئامۆژگارییەکان بۆ گەڕاندنەوەی نموونەی میز

- **نموونەکە بە خێرایی بگەڕێنەوە:** لە زووترین کاتدا ببیە بۆ لای دابینکەری چاودێری تەندروستی – باشتر وایە لە ماوەی 2 کاتژمێردا بێت.
- **بە ساردی بیپارێزە**
ئەگەر ناتوانیت نموونەکە بە خێرایی بگەڕێنیتەوە، بیخەرە ناو کیسەیەکی پلاستیکی و لەناو سەلاجەدا هەڵی بگرە تا ئەو کاتەی دەتوانیت بیبەیت.
- **کاتەکانی گەیاندنی میزەکە بپشکنە**
بپرسە کەی دوا کاتی گەیاندنەکەیە (Drop-off time) ، بۆ ئەوەی نموونەکە لە هەمان ڕۆژدا بگاتە تاقیگە.
- **دەفرە تەعقیم کراوە تایبەتەکان بەکاربهێنە**
هەندێک دەفر پاودەری پارێزەر (Preservative powder) و هێڵێکی دیاریکراوی پڕکردنەوەیان هەیە. هەوڵبدە تا هێڵەکە پڕی بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر نەتتوانی، تەنها هەر بڕە میزێک کە دەتوانیت کۆی بکەرەوە.

**ئێرە سکان بکە**
بۆ زانیاری زیاتر

مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزاوە بۆ (© Crown copyright 2026). وەشانی 1. بڵاوکراوەتەوە: مانگی جولای 2026. ڕێکەوتی پێداچوونەوە: مانگی جولای 2029. ئەم بەڵگەنامەیە لەگەڵ پسپۆرانی تەندروستی، نەخۆشەکان و دەستە پزیشکییە پیشەییەکان پەرەی پێدراوە. پرۆگرامی تارگێت (TARGET) لەلایەن ئاژانسی ئاسایشی تەندروستی بەریتانیا (UK Health Security Agency) بەڕێوەدەبرێت.